نزایەك بۆ دیدار… سەباح هەنجەر

بای چاوسووربوو زەوی بریندار دەکات
هێلکەش لە هێلانە دەترووکێ
باڵندە لە هەوای پاراودا باڵی تەواو دەکاتەوە و بۆنی خۆشی خودا
چاوی گەورە دەکات
گوللەش لە ئاسمان ڕووەو ناپاکی دەڕوا
زەوی بریندار چاوەڕوانی قوربانییەکانییەتی
گوللەی ناپاکیش ڕوەسمی چاوەڕوانی نازانێت
چی چلچرا لە ناوچەوانی کۆشك هەڵواسراوە فریودەرە
چاو دادەخەم گوێ و خەون دەسووتێن
چاوی ڕوونی پێغەمبەر لە خەوهەسا و نەرم و سووك پەنجەی بە
پێڕووماڵ هێنا
چاوی گوێەبەڕۆژەی لەچاومدا چاند و بە هەموو دەنگێك لەگەڵم دوا
شاعیرێکی شەهید بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە دێتەوە
دەڵێت خوێنم بۆ کێکردنەوەی پەراوێزەکان بەکاربهێنن
حیکمەتی بەکارهێنان هەزار و یەك جەزبەی هەیە
یەکەمینیان نزا و نوێژی منە بۆ دیدار و بۆنی خۆشی خودا
تا زووە کەشتییەکەم دەخەمە ئاوەوە
وەك ئائومێدی بەپەلە دەگەمە قووڵایی

نیسانی 2019 هەولێر